

# تەکنەلۆژیا دەزانێ لە چ بارودۆخێکی دەروونی دایت



غەمگینی یان شادی، هەست بە ترس دەکەی یان تووشی دڵەڕاوکێ بوویە، ئەم بارودۆخە دەروونییە لەداهاتوویەکی نزیکدا ئامێری تەکنەلۆژی دیجیتالی Spire بەهۆی لێدانی هەناسەکانتەوە هەستی پێدەکات. زۆر ئامێری دیجیتالی بۆ وەرزش و تەندروستی وەك پێوانی کالۆری و پێوانی خێرایی و لێدانی دڵ و ڕێژەی هەناسەدان لە خولەکێکدا چێکراون بەڵام ئامێری سپایر لەم بوارانەدا یەکەمینە. کاتژمێرە هۆشمەندەکان یەکێك لە ئەرکەکانیان چاودێری بەسەر تەندروستی بەکارهێنەرەکەیدایە و پرۆگرامگەلێکی دیکەش هەن جیاوازی سپایر لەگەڵ ئەوانی دیکە لەوەدایە ئەو هەست بە بارودۆخی دەروونی بەکارهێنەرەکەی دەکات. کاتێك بەکارهێنەرەکەی دەترسێ، یان لەشتێك ڕاماوە، یان سەری سوڕماوە هەموو ئەوانە گۆڕانکاری لە شێوە هەناسەدانی پێك دێنێ، ئەم گۆڕانکارییە بەهۆی ئامێرەکەوە دەزاندرێت لە چ بارودۆخێکی دەروونیدایە. ئامێری ناوبراو 10 هەلومەرجی ڕۆحی بەکارهێنەرەکەی دەزانێت و پێت دەڵێت لە چ بارودۆخێکی دەروونیدای و چ بکەی بۆ خۆپاراستن لەم بارودۆخە. ئامێرەکە دەکرێت لەسەر تیشێرت یان لە گیرفان بخەی، بەهۆی پرۆگرامێکەوە کە لە سەر مۆبایلی بەکارهێنەرەکەیەتی سات بەسات لە بارودۆخی دەروونی ئاگادارت دەکاتەوە.

# ئۆتۆمبیلێک وزەی خۆی لە هەوا وەردەگرێ

زانایان و بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیـای نوێ لـەم چەند سـاڵەی دواییدا هەوڵەکانیان لەم بوارەدا چڕکردۆتەوە کە چیدیکە لە وزەی سووتەمەنی بۆ ئۆتۆمبیل و ئامێرەکانی دیکە سـوود وەرنەگرێ، ئەگەر هەوڵەکان بگەنە سەرکەوتن، ئیدی پێویست بە ڕاوەستان لە نۆرە و وەسـتان لەڕیزی وەرگرتنی بەنزین ناکات و کۆبۆنیشـی پێویسـت نییە. هەتا ئێسـتا هەوڵدراوە وزەی خۆر جێگرەوەی سووتەمەنی ئۆتۆمبێل بێت، لەم دواییەشدا کۆمپانیای پژۆ (بیجۆ) هەوڵیداوە نەوەیەکی نوێ لـە ئۆتۆمبێل بەرهەم بێنێ کە پێویسـت بەدانانی باتری نـەکات و واتە وزەی خۆر و کارەباشی نەوێت و تەنیا بە هەوا کار بکات.

ئۆتۆمبێلـی جۆری Hybrid air 2008 باتری ناوێت و تەنیا بەکەمکردنەوەی خێرایی یان ستاپ گرتن، وزەی خۆی وەردەگرێت.

لەناو شاردا خێرایی ئۆتۆمبێلەکە 70 کیلۆمەترە کە ئەمەش بۆ شـار گونجاوە، جگە لەوەش لە دەرەوەی شـار بە تێکەڵاوییەك لە وزەی هەوا و بەنزین کار دەکات، پێشبینی دەکرێت پژۆ ساڵی 2016 ئەم ئۆتۆمبێلـەی بخاتە بازاڕەوە.






# ئامێرێک بۆ پاک کردنەوەی چاویلکە

سەردەم، سـەردەمی تەمبەڵی و سستیی جەستەیە، وای لێهاتووە ئینسان پاککردنەوەی چاویلکەکەشی بە ئامێری دیجیتالی بسپێرێ، بۆیە کۆمپانیای SA Clirisی سویسـری ئامێرێکی بەرهەم هێناوە بەڕای کۆمپانیاکە ئامێرێك فول ئۆتۆماتیکییە بۆ خاوێنکردنـەوەی چاویلکە وەك خاوێنکردنەوە، دژە باکتری کردن، وشك کردنەوەو بۆن خۆشکردن...

بـۆ خاوێنکردنەوەی چاویلکەکەت ئەوەندە بەسـە کـە ئامێرەکە لـە کارەبا بخەی و چاویلکەکەی تێبنێی و بۆ کارکردنی ئامێرەکەش کارەبایەکی ئەوەندەی پێویست نییە. ئامێرەکە مادەی پاککەرەوەی تێدەکرێت و ئەم مادەیە گەر گشت ڕۆژێك سوودی لێوەربگری هەتا مانگێك تەواو نابێت.

# لە ئاییندەدا مۆبایل ڕێژەی شەکرە نیشان دەدات

نەخۆشـیی شـەکرە یەکێ لە نەخۆشـە درێژخانە مەترسیدارەکانە، بۆ زانینی ئاسـتی شەکر لە خوێندا تەنیـا بە گرتنی خوێن و لێکدانەوەی بە هۆی ئامێرەوەکەوە دەزاندرێت. هەرچەندە بۆ گرتنی خوێنیش بەبێ ژان ئاسـانکاری زۆر کراوە، ئێسـتا هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی کە بەبێ خوێن وەر گرتنیش ئاسـتی شەکرە لە جەسـتەدا بزاندرێت، کۆمپانیاکانی گوگل و ئەپل و سامسۆنگ هەوڵەکانیان لەمبارەوە چڕ کردۆتەوە و دەیانەوێ بەبێ خوێن وەر گرتن تەنیا لە ڕێگای کاتژمێری هۆشمەندەوە بزاندرێت ئاستی شەکرە لە خوێندا چەندە. هەوڵەکانی سامسۆنگ لە سەرکەوتن نزیـك بۆتەوە، بەکارهێنەری کاتژمێری هۆشـمەندی سامسـۆنگ ئاسـتی شـەکرە تەنیا بە گلۆپێك کەلەسـەر کاتژمێرەکـە دەبێت یان بە هێمایەك بەکارهێنەرەکەی لە مەترسـی زیـاد بوون شەکر ئاگادار بکاتەوە.






# ئامێرێکی دیجیتالی بۆ چاودێریی منداڵان



لەم چەند ساڵەی دواییدا تەکنەلۆژیای سەردەم یا تەکنەلۆژیای دیجیتالی زۆر لە خزمەتی منداڵان و بارهێنەرانی منداڵان دابووە، هەرچەندە بەشێك لەو ئامێرە دیجیتالییانە لایەنی نەرێنیشیان هەبووە، بەڵام زۆربەیان سوودیان هەبووە.

کۆمپانیای ئێل جی کە یەکێکە لە کۆمپانیا گرنگەکان لەمدواییەدا ئامێرێکی بەناوی LG Kizon بەرهەم هێناوە، ئەرکی سەرکی ئامێرەکە کۆنترۆڵ کردن و خستنە ژێر چاودێریی منداڵە، لەم ئامێرە دیجیتالییەدا سیستەمی GPS هەیە تاکو دایك و باوکان و پەروەردەکەرانی منداڵ بە وردی ئاگایان لە هەڵسوکەوتی منداڵەکانیان بێت. هەروەها دوو دوگمەی هەیە بۆ ئەوەی کە ئەو ژمارانەی کە پێشووتر تێیدا خەزن کراون پەیوەندییان پێوە بکرێت. دایك و باوکان دەتوانن بەهۆیەوە قسە لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن، ئەگەر منداڵەکە گوێی لێنەبوو یان وەڵامی نەدایەوە، بەشێوەی ئۆتۆماتیکی مایکرۆفۆنەکە چالاك دەبێت تاکو دەنگی دەوروبەر بۆ دایك و باوکی منداڵەکە بگوازێتەوە بۆ ئەوەی کە نەکا ڕووداوێك بۆ منداڵەکە هاتبێتە پێش و گوێیان لەدەنگە دەنگی شوێنی منداڵەکە بێت. سیستەمی Location reminder تێدایە بەهۆیەوە دەزانرێت منداڵەکە لە چ شوێنێکە، بۆ نموونە ڕەنگە منداڵەکە بڵێت لە قوتابخانەم بەڵام لەوێ نەبێت دایك و باوکان دەزانن لە چ کاتژمێرێك لە قوتابخانە بووە.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، من تەبلێتکی جۆری گەلاکسیم هەیە، ئایا بۆ ئەندروید فتۆشۆپ و پرۆگرامەکانی ئۆفیس هەیە و دەکرێت لە تەبلێتەکەمەوە بابەتەکانی خۆم بنووسم؟ یا وێنەیەك بە فۆتۆشۆپی سەر تەبلێت بگۆڕم؟

خوێنەری بەڕێز تەبلێت لە ڕاستیدا مۆبایلەکە کە لە قەوارەکەی خۆی گەورەترە، تەبلێتی جۆرەکانی گەلاکسی سیستەمی ئەندرۆیدیان لەسەرە وەك مۆبایل، تەبلێتی ئایپادیش سیستەمی IOS یان لەسەرە وەك ئایفۆن. تەبلێت بەهۆی قەوارەی بچووکی هیچ کات ناتوانی وەك لاپتۆپ کەڵکی لێوەرگری، بەڵێ ئۆفیس و فۆتۆشۆپ لەسەر ئەندرۆید هەن بەڵام نەك وەك هی ویندۆز، بەڵکو تواناکانیان زۆر لە خوارترن، بۆ نموونە ئۆفیسی ئەندرۆید زیاتر بۆ خوێندنەوە دەگونجێت و بۆ دەقێکی کەمیش کە پێویستی بە دیزاین نەبێت. فۆتۆشۆپەکەشی چەند خزمەتگوزارییەکی تایبەت بەوێنەی تێدایە نەك فۆتۆشۆپی ویندۆز.

## بۆچی لە فەیسبووک بلۆک دەکرێی؟

ڕەنگە ئەم مانشێتەی سەرەوە پرسیاری زۆر لەو کەسانە بێت کە لە فەیسبووکدا ئەکاونتیان هەیە واتە ماڵێکی مەجازیان لە فەیسبووکدا کردۆتەوە، بەڵێ بۆچی و هۆکارەکان چین کە لە فەیسبووکدا بلۆك دەکرێی؟

پێشووتر وای بۆ دەچوون کە ئەگەر هاوڕێیەکی زۆر ئەدی کەن گرفتی بلۆك کردنی لەسەر هەڵدەگیرێ، کەچی وانییە و تەواو هەڵەیە.

کاتێك یەکێك لە فەیسبووك بلۆك دەکرێت لەڕاستیدا هەندێك ڕێسا و یاسای تۆڕی کۆمەڵایەتی پێشێل کردووە، بلۆك کردن یان جۆرێك لە سزادان.

**چەند جۆرە بلۆك کردن لە فەیسبووك هەیە.**

یەکەم: کاتێك تۆ داوای هاوڕێیەتی لەکەسێك دەکەی کە نایناسی، یان دەشیناسی، بەڵام ئەو حەزناکات پەیوەندیت لەگەڵ دابمەزرێنی، ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەی ئەدیان دەکەی و وەڵامت نەدەنەوە لە پێنج کەس تێپەڕی ئەوە بلۆك دەکرێی.

دووەم: کاتێك ئێوە لەسەر دیواری خۆتان یان کەسانی دیکە پەیامێك یان کۆمێنێتك دادەنێی، ئەگەر چەند کەسێك کۆمێنێتەکە یان بابەتەکە بە نەشیاو دابنێن یان فیلمێکی ترسێنەر دابنێی یان فیلمێکی سێکسی دابنێی ئەوە بلۆك دەکرێی. بلۆك کردنەکان لە هەفتەیەکەوە دەست پێدەکات هەتا مانگێك جاریش هەیە ئەگەر شتێکی گرنگ بێت ئەوە ئەکاونتەکە بۆ هەمیشە دادەدەخرێت. بلۆك کردنی یەك مانگی هیچ ڕێگا چارەیەکی نییە دەبێ هەتا مانگێك سەبر بکەی. بۆ ئەوەی کە بلۆك نەکرێی دەبێت هەوڵبدەی بەهیچ جۆرێك کۆمێنێت وێنە یان پەیام بۆ کەسانی نەناسراو نەنێری. بلۆك کردن بەهۆی ناردنی داواکاری دۆستایەتی و وەڵام نەدانەوەی بەرامبەر لە 2 ڕۆژ هەتا مانگێکە، بەستراوەتەوە بەوەی چەند جار ئەوەت دووبارە کردۆتەوە. جار هەیە تەنیا ناتوانی وێنە دابنێی، ئەمەیان بەهۆی ئەوەیە کە لەلایەن تۆوە هەندێك وێنە داندراون کە بە دڵی کەسانی دیکە نەبووە. دەکرێت ماوەی بلۆك کردن بەمشێوازە کەم بکەیەوە، سەر لە دیوارەکەی خۆت بدە و ئەوەی لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا کردووتە بیسرەوە، وەك کۆمێنتەکان، پەشیمانبوونەوە لە ناردنی داواکاری بۆ دۆستانی نوێ..



# گەسکی کارەبایی پاککەرەوەیەکی بەهێز




گەسکی کارەبایی ئامێرێکە، ئەگەر دەنگە زۆرەکەی نەبێت بەڕاستی خزمەتێکی گەورە دەکات، ئەوانیش توانایی و هێز و خزمەتگوزاری خۆیان هەیە، گەسکی کارەبایی وا هەیە لەگەڵ ئەوەیدا پاك دەکاتەوە، دەنگیشی نییە، جۆرێکی دیکەیان جگە لە پاککردنەوە و شوێنەکە بە ئاویش پاك دەکاتەوە...

لەم دواییەدا کۆمپانیای LG گەسکێکی کارەبایی بەرهەم هێناوە کە جگە لەوەی ژوورەکان خاوێن دەکاتەوە، تەنانەت وردترین شتیش هەڵدەمژێ، بۆ نموونە تاڵە موویەکیش، بەتایبەتی ئەوانەی کە گیانلەبەری ماڵی رادەگرن وەك سەگ و پشیلە و موویان دەوەرێت، تەنانەت باکتریا و زیندەوەری زۆر بچووك کە بە چاو نابیندرێن ئەو گەسکە هەڵیان دەمژێ. گەسکی کارەبای (ستێلا) بۆنی ناخۆشیش هەڵدەمژێت، بۆ نموونە بۆنی پارچەیەکی سووتاو دێت یان بۆنێکی ناخۆشیتر ئەم گەسکە ئەویش هەڵدەمژێت.

## سایتێک بۆ ناساندنی گیانلەبەران

حەزدەکەی بزانی گیانلەبەران لە کوێ دەژین و چۆن دەژین؟ بۆ نموونە حەز دەکەی بزانی شوێنی جوگرافی فیل کوێیە و فیل سەر بە چ جۆرە تیرەیەکە لە گیانداران؟ واتە سەر بە چ نەوەیەکی گیاندارانە. بۆ ئەم مەبەستە سەر لە سایتی www.waza.org/en/zoo بدە، لەم سایتەدا پارکی گیانداران واتە (حديقه الحيوانات) دەبینی، کە هەر گیاندارێك بەپێی ناوچەکەی و جۆرەکەی ناسێندراوە، ئەو سایتە گیاندارانی ریزبەندی کردوون بۆ نموونە شیردەرەکان هەرکە ئەم بەشە دەکەیەوە دەبینی چ گیاندارێك سەر بەم بەشەیە، سایتەکە وێنە و دەنگی گیاندارەکانی تێدایە. بە کلیك کردن لەسەر هەر وێنەیەکیش زانیاری وردتر سەبارەت بە گیاندارەکە دەزانی.

